یاریزانە تازەکان...

لەدەوڵەت - نەتەوەوە بۆ پاش نەتەوەکانەوە

ئالقین تافلەر

چاوەڕوان دەکرێ تا کۆتایی 2008 زێتر لە «150» وڵات لە جیهاندا پرۆسەی گۆڕین یا دووبارە دانانی سەرۆک یا سەرۆک حوکمەت بەخۆوە ببینن،وەلێ ئەوەی مایەی سەرنجە پرسیارێکی سەرەکییە هەرگیز نەکراوە لەبارەی ئەو گۆڕانە گرنگەی هێزی جیهانی ئەویش ئەوەیە براوەکانی ئەو هەڵبژاردنانەی داهاتوو یا ئەو دەستنیشانکردنە یاساییانە «وێرای ناشەفافیەتی لەچاو گەندەڵیەکەی» دەسەڵاتی هەڵسوڕاندنی کاروبارەکان دەگرنەدەست، پرسیار ئەوەیە : ئیدارەی کاروباری چی؟

وەڵامی باو بریتییە لە «ئومە - نەتەوە» بەڵام زاراوەی «ئومە» چی دەگەیەنێ، چی وادەکات ئێراق «ئومە» بێت کاتێک بەرچاوە هێزەسەرکوتکەرەکەی رژێمەکەی رابردووبەتەنیا ئەو بوو وایدەکرد کورد وشیعەوسوننە لەژێر یەک ئاڵادا بژین؟ ئەی چی وادەکات ئەفغانستان «ئومە» بێ کاتێک زۆربەی ناوچەکانی وڵاتەکە لەژێرکێشی سەرۆک خێڵ و هۆزە لۆکاڵییەکاندایە، ئەوانەی رێزناگرن لە حوکمەتەمەرکەزیەلەرزۆکەکەو سەرۆکەکەی لەکابول؟ ئەوەش دەمانباتەوەسەر فەرەنسا لەو ماوەیەی بەر لەهەڵبژاردنەکان پاڵێوراوەسەرەکییەکان رووبەڕووی هەمان پرسیار لەدەنگدەران بوونەوە لەمەڕ ئەوەی «چی وادەکات فەرەنسا ئومە بێ؟ یا چی وامان لێدەکات فەرەنسایی بێن؟»» یەک لە پاڵێوراوانی سەرۆکایەتی وای خستەڕوو گوایە بەنیازە وەزارەتی کۆچکردن وشناسی نیشتیمانی دابنێت، یەکێکی دیکە بەپێی رۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز- هیوای خواست هەر هاووڵاتییەکی فەرەنسایی دەقی سرودی نیشتیمانی فەرەنسایی لەبەربێت و «لە دۆلایی جلوبەرگیشا ئاڵای فەرەنسی هەبێت بۆ هەڵکردنی لە جەژنی نیشتیمانیدا » ئینجا ئیتاڵیاییەکان، ئەوانەی لەبەردەم هەندباکوورییەکان ئەوانەی زمانی ڤینیسیییان پێ باشترە «زمانی نێو ڤینیسیا» جاڕی ئەوەیاندا «زمانی ئیتاڵیایی زمانی فەرمی کۆمارە» لەئاسیادا کۆریای باشوورچین لەو رابردووە وەئاگاهاتنەوە چوون لەهەرکات زیاتر پەلاماری ژاپۆن دەدەن بەهۆی ئەو کارە شەرمەزارینەی لەجەنگی دووەمی جیهاندا ئەنجامی دا، هەروەها ژاپۆن دەڵێ گوایە پێشتر چەند جار داوایلێبووردنی لێ کردوون، لەلای دیکەوەی ئۆقیانووسی هێندەدا پرۆتستۆکەران لە ئەمریکادا داوادەکەن گشت کۆچبەران فێرزمانی ئینگلیزی بێن ئەوەش مەرجێکە هەرگیز بەسەر ئەژدادوئابادیان نەسەپێنرابوو ئەوانەی لەگشت شوێنێکەوە هاتبوون و زمانی ئینگلیزیشیان بەشێوەیەکی چاک دەزانی، بەڵام رۆڵەکانیان ناواپەروەردەکردن بەزمانی ئینگلیزی رۆمان وشیعریان نووسیوە وخەڵاتیشیان پێدراوەو دەستەواژەکانیشیان ناوا دەوڵەمەندکردووە بەوشەگەلێ ئۆرگینالەکەی عەرەبی یا چینی یا ئیتاڵییە، چی روودەدات؟

لەراستیدا سەرلەنوێ هەڵکشانی هەستونەستی نەتەوەیی لەچەندین وڵاتدا تەنیا هەروەک هەندەک پێیانوایە پەرچەکردار نییە لەئاست ئەو ژانۆزووەی عەولەمە نایەوە، هەروا ناشکرێ کۆچکردن بەتەنیا پەرەگرتنی هەڵسوکەوتی هەڵبڕینی ئاڵاوزێدەبوونی هەستونەستی نەتەوەیی شۆڕشەبکات، ئیدی هەریەک لەو دوو فاکتەرە رۆڵی گرنگ دەگێڕن، وەلێ ئەو خوێندنەوەیە شتێکی هەرەگرنگتر پشتگوێ دەخات ئەویش پاشەکشەی هێزە، نەک تەنیا خودی هێزی ئەمریکا، بگرە هێزی دەوڵەت نەتەوەکان بەشێوەیەکی گشتی لەکاتێکدا لەسەر گۆڕەپانی جیهاندا فاکتەری دیکەهەن زێدە هێزی رکابەر دەگرنەخۆوە، لەو هێزە هەڵکشاوانەش، کە پلەبەپلە بالادەستتر دەبێت ئەو کۆمپانیا جیهانیانەن، کە کاروچالاکیەکانیان بەرفراوانتر دەبن و دەوڵەت نەتەوە لاوازەکان پەلکێش دەکەن بەمەبەستی رازی بوون بە وەبەرهێنان لەو وڵاتانەدا. ئەوەی مایەی سەرنجە ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانە رۆژبەرۆژزیاترو زلتروگەورەتر دەبن بەهەمان شێوەش ئەو وڵاتانەی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن زۆر زیاد دەکەن، لەو فاکتەرانەی دیکە کۆمەڵگەی مەدەنییە، رێکخراوەناحکومییەکان دەگرێتەوە، کە لەچەندین بواردا چوست وچالاکن هەر لەرووی پاراستنی ژینگەوداکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ تا جوولانەوە ئایینییەسنووربڕەکان. لە حەفتاکاندا ئەو «NGO» یانەی لەدەوەدەی وڵاتانیان کاریان دەکرد تەنیا چەند هەزارێک بوون، بەڵام ئەمڕۆ هەرچەندە ژمارەکە ئاسان نییە ئەوە بەڵای کەمی «40000» رێکخراو هەن بەشداری دەکەن لە کاروئەرکی هەرەگەورە، گەرچیش هەندە رێکخراوی ناحکومی بەتەواوەتی یا وڵاتان، بگرە هێزی دەوڵەت نەتەوەکان بەشێوەیەکی گشتی لەکاتێکدا لەسەر گۆڕەپانی جیهاندا فاکتەری دیکەهەن زێدە هێزی رکابەر دەگرنەخۆوە، لەو هێزە هەڵکشاوانەش، کە پلەبەپلە بالادەستتر دەبێت ئەو کۆمپانیا جیهانیانەن، کە کاروچالاکیەکانیان بەرفراوانتر دەبن و دەوڵەت نەتەوە لاوازەکان پەلکێش دەکەن بەمەبەستی رازی بوون بە وەبەرهێنان لەو وڵاتانەدا. ئەوەی مایەی سەرنجە ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانە رۆژبەرۆژزیاترو زلتروگەورەتر دەبن بەهەمان شێوەش ئەو وڵاتانەی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن زۆر زیاد دەکەن، لەو فاکتەرانەی دیکە کۆمەڵگەی مەدەنییە، رێکخراوەناحکومییەکان دەگرێتەوە، کە لەچەندین بواردا چوست وچالاکن هەر لەرووی پاراستنی ژینگەوداکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ تا جوولانەوە ئایینییەسنووربڕەکان. لە حەفتاکاندا ئەو «NGO» یانەی لەدەوەدەی وڵاتانیان کاریان دەکرد تەنیا چەند هەزارێک بوون، بەڵام ئەمڕۆ هەرچەندە ژمارەکە ئاسان نییە ئەوە بەڵای کەمی «40000» رێکخراو هەن بەشداری دەکەن لە کاروئەرکی هەرەگەورە، گەرچیش هەندە رێکخراوی ناحکومی بەتەواوەتی یا نیوەچڵ لەلایەن هەندە دەوڵەت نەتەوە کۆمەکی دارایی دەکرێن ئەوە زۆری دیکە هەن بەراستی سەربەخۆنە، جگەلەوە پەرتوبڵاوبوونی گرووپەتیرۆریستەکان، کە سەربە خودی دەوڵەت نەتەوەیەک نین، هەروەها تۆڕەسنووربڕەکانی لادان - ئینحیراف- وماددە بێهۆشکەرەکانیش دەگرێتەوە. لەو کتێبەمدا «جەنگ ودژەجەنگ» کە لە ساڵی 1992 دەرچوو، پێشبینیمان کردبوو دەوڵەتانی پەلاماری ستراکتۆری ژمارەیی دەوڵەتی دیکە بدەن، لەراستیشدا بەو دواییە رووسیا بە داخستنی سایتەئەلکترۆنییەکانی سەر بە سەرۆکی ئەستۆنیا و وەزارەتەسەرەکییەکانی وپۆلیس، تاوانبار کرا ، کەچی هەروەک نووسەروتۆژەری ئەمریکی دیڤید برۆکس بەودواییە لە رۆژنامەی «نیۆیۆرک تایمز» بە ئاماژەدان بە دوا کتێبی جۆن رۆب بەناوی «جەنگەنوێیەئازاکە» نووسیویەتی : تیرۆریستان ئەمڕۆ گرووپگەلی نیمچە سەربەخۆن خودان ئەقڵیەتێکی فیئۆدالی «پێش- نیشتیمانپەروەرێتیی» لەهەمانکاتدا شێوەکاری رێکخراوەیی «پاش - نیشتیمانپەروەرێتیی » لە نوێکاریشیاندا بە شێوەکاری کۆمپانیاکانی «سیلیکۆن فالی» دەچن، ئادەمیزاد بەرلە «نەتەوەکان» بەماوەیەکی زۆر هەبووە، کاتێکیش دێ واپێویست بکات فێربیبێ چۆن چۆنی بژین وپێشبکەوین لەزەمانی پاش نەتەوەکان، چونکە ئەوە لەو کاتەی سەرۆک وڵاتان کۆنگرەدەبەستن و گەمەی دیپلۆماسیانە دەکەن ژمارەیەکی زۆری چالاکییە کۆمەڵایەتی وژینگەیی و ئابوورییە گرنگەکان دەپەڕێنەوە دەرەوەی دەسەڵات ویاساکانی دەوڵەت نەتەوەکان، ئیدی بەوجۆرە دەکرێ بڵێین رژێمە کۆنەکە ئەمڕۆ دەگۆڕدرێت بە تابلۆیەکی گەمەکردنی تازەی فرەئاست، کە گەلەک یاریزان تیایە یاری دەکەن و چالاکیشن لە گەلەک ئاستی جیادا، بەخێراییش وڵاتان وسەرۆکەکانیان لەمامەڵەکردن لەگەڵیا دووچاری ئاستەنگ دەبنەوە، چوون گەمەجیهانییە ترسناکەکانی سەدەی بیست و یەکەم تەنیا و تەنیا دیپلۆماتکاران یا جەنگاوەران ناگرێتەوە.

و: بەهزاد حەوێزی

جەنگی دەروونی نێوان ئێران و ئیسرائیل

محەمەد حوسێن پیرۆت

لەوەتەی دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانی لەسەر دەستی خومەینی دامەزراوە، بەشێوەیەکی ناشکرایی دژایەتی ئیسرائیل دەکات، لەم رووەوە کۆمەکی هەموو پارتێکی ئیسلامی و نا ئیسلامی دەدات لە دژی دەوڵەتی عیبری، ئیسرائیلیش بەهەموو شێوەیەک دژایەتی ئێران دەکات و هەڵوێستەکانی بەرامبەر ئێران نەگۆڕیوە و هاوکات ئامادەیە یارمەتی هەموو دەوڵەتێک بدات لە دژی ئێران.

بەڵام ئەوەی جێگای تێبینییە ئایندەی ئەم جەنگە بەکوێ دەگات؟ لێدانی ئێران لەم ساتە وەختەدا چ کارێک دەکاتە سەر نرخی نەوت لە بازاڕەکاندا؟ چۆن خوێندنەوە بۆ گوتارەکانی ئێران و ئیسرائیل بکەین؟

ماوەیەکی زۆرە ئێران کەوتۆتە بەر هەڕەشەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی لەبواری وەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی، هەموو دەوڵەتانی جیهان لەگەڵ ئێران ناکۆکن لەسەر گوێنەدانی بە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش، ماوەیەکە گوتاری ئێران توندتر بووە، ژەنەراڵ محەمەد عەلی جەعفەری جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ئەگەر وڵاتەکەی توشی هەر گورزێکی سەربازی بێت، ئەوە بەبێ گومانیەوە یەکەم وەڵامدانەوەی لە دژی ئیسرائیل دەبێت و ئیسرائیل لە نەخشەی سیاسی دەسڕێنەوە...!!

بۆیە ئیسرائیل ترسێکی گەورەی لە ئێران هەیە لەوانەیە بە ئاسانی بتوانێت موشەکی شهاب ئاراستەی ئیسرائیل بکات، ئیسرائیلیش لەلایەن خۆیەوە گوتاری توندی ئاراستەی ئێران کرد و گوتی ئێمەش لەتوانامانداە هەیە ئێران لەسەر نەخشەی سیاسی بسڕینەوە...!!

ژەنەراڵ جەعفەری جەختی لەسەر چەند شتێک کردەوە کە دەتوانێن لە چەند خاڵێکدا کۆیان بکەینەوە:

1- ئێران توانای زۆرباشی هەیە بۆ وەڵامدانەوەی هەر هێرشێکی ئیسرائیلی.

2- بارودۆخی ئێران زۆر جیاوازە لەگەڵ بارودۆخی ئێراق، هەر هێرشێکیش لەدژی ئێران بەزەرەری ئیسرائیل تەواودەبێت.

3- لەگەڵ تێکچوونی بارودۆخی سیاسی و سەربازی ناچار دەبین چەکی نەوت بەکاربهێنین.

4- ئەگەر ئێران تووشی هەر پەلامارێکی سەربازی بێت چ لەلایەن ئیسرائیلەوە بێت یان ئەمریکا، ئەوە بەبێگومانیەوە ئێران وەڵامدانەوەی دەبێت.

5- گەرووی هورمز لەژێر کۆنترۆڵی ئێراندایە و هێزێکی تەواومان لەکەنداوی فارسیدا هەیە لە دژی ئەو دەوڵەتانە بەکاری دەهێنین لەکاتی پێویستدا.

6- راگەیاندنی جەنگ لە دژی ئێراندا واتە سەرهەڵدانی کێشەی ئابووری لە گشت جیهاندا.

7- ئەم هەڕەشانە کار ناکەنە سەر راوەستانی پرۆژەی وەدەست هێنانی بەرنامەی ئەتۆمی.

8- هێرش کردنە سەر ئێران واتە هێرش کردنە سەر جیهانی ئیسلامی.

9- هێرش کردنە سەر ئێران لەلایەن ئیسرائیلەوە پێش وەخت کارێکی سلبییە بۆ خودی ئیسرائیل.

ئەمانەی سەرەوە چەند خاڵێک بوون لەسەر زاری ژەنەراڵ جەعفەری گوتراوە، بەڵام رابەری رۆحی ئێران خامەنەئی فتوای دەرکردووە لەسەر

■ ماوەیەکی زۆرە ئێران کەوتۆتە بەر هەڕەشەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی لەبواری وەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی، هەموو دەوڵەتانی جیهان لەگەڵ ئێران ناکۆکن لەسەر گوێنەدانی بە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش، ماوەیەکە گوتاری ئێران توندتر بووە

حەرام کردنی یان وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی، بەڵام بەکارهێنانی لەبواری ئاشتی بە حەڵاڵ لە قەڵەمداوە...! لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت گوتارەکانی ئێران رۆژ دوای رۆژ جیاوازی بەسەردادێت، هەروەها لە ساڵی 2003وە ئێران کەوتۆتە بەر هێرشێکی سیاسی ئەمریکی و بە دەوڵەتێکی تیرۆریست ناوزەدکراوە. ئێستا ئێران و ئیسرائیل لە حاڵەتی جەنگێکی دەروونی گەوردان و ئەگەری ئەوە لە گۆڕەپانی سیاسیدا هەیە ببێتە واقیع، ئەمەش رووبدات ناوچەکە بەگشتی دەکەوێتە بەر هێرشێکی سیاسی ئەمریکی و بە دەوڵەتێکی تیرۆریست ناوزەدکراوە. ئێستا ئێران و ئیسرائیل لە حاڵەتی جەنگێکی دەروونی گەوردان و ئەگەری ئەوە لە گۆڕەپانی سیاسیدا هەیە ببێتە واقیع، ئەمەش رووبدات ناوچەکە بەگشتی دەکەوێتە بەر هێرشێکی سیاسی ئەمریکی و بە دەوڵەتێکی تیرۆریست ناوزەدکراوە. ئێستا ئێران و ئیسرائیل لە حاڵەتی جەنگێکی دەروونی گەوردان و ئەگەری ئەوە لە گۆڕەپانی سیاسیدا هەیە ببێتە واقیع، ئەمەش رووبدات ناوچەکە بەگشتی دەکەوێتە بەر هێرشێکی سیاسی ئەمریکی و بە دەوڵەتێکی تیرۆریست ناوزەدکراوە. ئێستا ئێران و ئیسرائیل لە حاڵەتی جەنگێکی دەروونی گەوردان و ئەگەری ئەوە لە گۆڕەپانی سیاسیدا هەیە ببێتە واقیع، ئەمەش رووبدات ناوچەکە بەگشتی دەکەوێتە بەر هێرشێکی سیاسی ئەمریکی و بە دەوڵەتێکی تیرۆریست ناوزەدکراوە. ئێستا ئێران و ئیسرائیل لە حاڵەتی جەنگێکی دەروونی گەوردان و ئەگەری ئەوە لە گۆڕەپانی سیاسیدا هەیە ببێتە واقیع، ئەمەش رووبدات

بۆیە وای دەبینم شەڕی راگەیاندن و جەنگی دەروونی سەرەتایەک بێت بۆ سەرهەڵدانی جەنگێکی چاوەڕوان نەکراو لە دژی ئێراندا، ئەم شەڕەش کاردەکاتە سەر ناوچەکە بەگشتی، لە هەمان کاتدا کاردەکاتە سەر بازاڕی نەوت لە جیهاندا، چونکە ئاشکرایە نەوتی ئێران تاراددەیەکی بەرچاو رۆڵی هەیە لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕدا، ئێرانیش رایگەیاند ئەگەر هێرش بکرێتە سەر وڵاتەکەی ئەویش چەکی نەوت بەکاردەهێنێت و باری ئابووری جیهان ڕوو لە مەترسی دەبێت. بۆیە چاودێرانی ئابووری پێیان وایە سەرهەڵدانی شەڕێکی لەم جۆرە بێ هیچ گومانێک کاردەکاتە سەر بەرزبوونەوەی نرخی گشت سووتەمەنییەکان و دواجار باری ئابووری دەکەوێتە مەترسییەوە.

لەگوتارەکانی هەردوو دەوڵەت ئێران و ئیسرائیل دوو لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، ئەمانەش بریتین لە لێکدانەوەی سیاسی و سەربازی، لێکدانەوە سەربازییەکان زیاتر توندو تیژی پێوە دیارە، بەڵام لێکدانەوە سیاسییەکان تاراددەیەکی بەرچاو رەچاوی بارودۆخی وڵات دەکات و دیپلۆماسیەت فەرامۆش ناکات. سەرهەڵدانی شەڕێکی لەمجۆرە هەردوو دەوڵەت دەخاتە ژێر ئابوورییەکی خراپ و سەرەتایەکی دیکە دەبێت بۆ سەرهەڵدانی قەیرانی مرۆڤایەتی گەورە لەم ناوچە دژوارەدا.

مۆگابی لە ئازادیخوازیەوە بۆ ئازادیکوژی

سادق سنەیی

شا و سوڵتانەکانی کۆن بە قەست و بەچەواشەکردنی راستی، دەستیان دەخستە ناو دەستی پیاوە ئاینییەکان و لە پێناوی مانەوەیان لەسەر حوکم خۆیان بە سێبەری خودا لەسەر زەوی دەزانی. دەستەواژەی«خلیفە الله»و سێبەری خودا لەسەر زەوی و لەم ناوانەیان لەسەر خۆدادانا. ئێستا رابرت مۆگابە هەر ئەو سازە لێدەدا. مۆگابە لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ تاجرو بازرگانەکانی شاری بولاوایا گوتوویەتی:«خودا منی لەم جێگایە داناوە و تەنیا خودا دەتوانێ لەم شوێنە لامدات، نە حزبی MDC دەتوانێ و نەئینگلیزەکان».

وڵاتی زێمبابۆی لە ئاخر ساڵەکانی سەدەی 19وە لەلایەن ئینگلیزەوە دەستی بەسەردا گیرا و خەڵکی ئەم وڵاتە نزیکەی 90 ساڵ خەباتیان کرد تا لە ژێر چەپۆکی ئینگلیز رزگاریان بوو. لە دەرەنجامی ئەو خەباتە ساڵی 1980 وڵاتی زێمبابۆی سەربەخۆیی بەدەست هێنا. داستانی خەباتی 90 ساڵەی خەڵکی زێمبابۆی دژ بە داگیرکەران پڕ لە بەرخۆدان و خۆراگرییە کە لێرەدا دەرفەتی باس کردنمان نییە. زێمبابۆی وڵاتێکە کە بە وشکانی گەمارۆدراوە و سنووری لەگەڵ ئاو و دەریا نییە. پێشتر بەم وڵاتەیان دەگوت:«رۆدزیای باشوور». لە ساڵی 1974، کەمینەیەکی سپی پێست کە دەسەڵاتی سیاسیان بە دەسەوەبوو یەکلایەنە سەربەخۆییان ڕاگەیاند. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم راگەیاندنەی بە نایاسایی زانی و پەسەندی نەکرد. پاشان گەمارۆی خستە سەر ئەم حکومەتە سەرکێشە. سزادان و گەمارۆ کاریگەر نەبوون. رودزیاییە سپی پێستەکان بە پەسەندکردنی بڕیارو یاسای سەرکوتکەرانە و دۆزینەوەی ڕێگای دەرچوون، خۆیان لە کاریگەری و زەبری ئەو گەمارۆیە پاراست. هێزی پاش راگەیاندنی سەربەخۆیی، شەڕی ئازادیخواز دەستی پێکرد. بەڵام بەهۆی پەرش وبڵاوی سوپای پارتیزانەکان، هەوڵی کاریگەری حکومەت بۆ دژایەتیکردنی شۆڕش و یارمەتیدانی رودزیا لەلایەن ئەفریقیای باشوورەوە. گیروگرفتی ئەوتۆی بۆ حکومەت دروست نەکرد.«یەکێتی گەلی ئەفریقیا زێمبابۆی»بە رێبەرایەتی«جۆشۆ ئانکۆمۆ»و بە یارمەتی کەمینەی«ئندبلە»لە بارەگاکانیانەوە کە لە خەڵکی وڵاتی زامبیا نیشتەجێ بوون دەستیان کرد بە هێرش بۆ سەر حکومەتی زێمبابۆی، بەڵام ئەم رێکخراوە زۆر بەهێز نەبوو.«رابرت مۆگابە»لەم سەردەمەدا رێبەرایەتی حزبی زۆرینەی«شۆنا»واتە یەکێتی نەتەوەیی ئەفریقی زێمبابۆی لە ئەستۆبوو. لە ساڵی 1975 کاتێک کە رابرت مۆگابە توانی بارەگا لە وڵاتی تازە سەربەخۆیی موزامبیک بکاتەوە، ئەودەمە خەباتی دژی حکومەتی زێمبابۆی پەردیسەند. بەرهەمی ئەم خەباتە ئەوەبوو کە لە ساڵی 1980 پاش هەڵبژاردنێک لەو وڵاتە، رابرت مۆگابە و حزبەکەی دەسەڵاتیان گرتە دەست. یاسای بنەڕەتی پەسەندکراو مۆگابە توندوتۆڵ پشتی بەست بەو یاسایە. بەڵام حکومەتی نوێی زێمبابۆی بە رێبەرایەتی مۆگابە لە جێبەجێ کردنی دیموکراسیدا زۆر لاواز بووە، لەم هەموو ساڵە کە مۆگابە سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتەیە. جگە لە ماف خوراوی کەمینە، سەرکوتی بیروڕا و توندوتیژی نواندنی ئەم سەرۆک کۆمارە خێرێک نەبووە. حکومەت راستەوخۆ دەستی گرتووە بەسەر رادیۆ و تەلەفزیۆن و رێگرتووە لە باس و گفتوگۆی ئازاد. رووداوەکانی ساڵانی 1990 هیچ کاریگەریان لەسەر مۆگابە نەبوو. بە جێگای ئەوەی کە هەنگاو بنێ بەرەو دیموکراسی، جڵەوی دەسەڵاتی توندترکرد و هەموو جۆرە رێگایەکی لە هەڵبژاردنی ئازاد گرت و گەندەڵی و سەردەڕۆیی«رابرت مۆگابە»بوو بە دیاردەیەکی دزێو لەم وڵاتەدا و لەو ناوچەیە.

مۆگابە بۆ فریودانی ڕای گشتی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات دەستیدا بەدابەشکردنی زەوی و زار، بەڵام ئەم پرۆژە تەنیا سوودی بۆ لایەنگران و ئەندامانی حیزبەکەی مۆگابە هەبوو ئەگینا بەهەرەی بۆ خەڵکی بێ زەوی و زار نەبوو. زۆربەی زەوی بەرئاو و بەپیت و بەرەکەتە هابەدەست کەسوکاری مۆگابەو حیزبەکەیەوە بەگشتی کشتوکاڵی ئەم وڵاتە ڕوو لەخراپەیە گەندەڵی ئیداری و بەرپێوەبردنی زۆر خراپی دامەزراوە حکومەتییەکان ڕێژەی ئاوسانی گەیاندووتە بەرزترین ئاست. ڕێژەی بێکاری سەدی هەفتایە خواردن و سووتەمەنی کەم دەستدەکەوێ، ئێستا زۆر ڕوون و ئاشکرایە کەسوڵتان مۆگابە کەسەردەمێک بۆ ئازادی تێدەکۆشا، خۆی دژ بەئازادی دەجەنگێ و نایهەوێ تامردن دەست لەدەسەڵات هەڵبگرێ لەهەڵبژاردنەکەی ڕابردوودا کەبۆچواردەمین جار مۆگابە خۆیکرد بەسەرۆک کۆمار. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاتووچۆی مۆگابەو پایە بەرزانی حیزبەکەی بۆ ئەمریکا قەدەغەکرد. هەموو یارمەتیەکانی بۆ زێمبابۆی ڕاوەستاند. داوای لەوڵاتانی تریشکرد کەئەم کارەبکەن. لەهەڵبژاردنی ئەمجارەشدا کە مۆرگان جانگیرای کەتاقە رقەبەری مۆگابە بوو، لەترسان پاشەکشەیکرد. ڕابرت مۆگابە کەتەنیا پاڵێوراوبوو، بۆجاری پێنجەم خۆیکردەوە بەسەرۆک کۆمار. ڕاپۆرت و لێکدانەوەکان ئەوە دەردەخەن کەفێڵ و درۆو دەلەسەی زۆر کراوە لەم هەڵبژاردنەدا. بەشداری خەڵک زۆر کەمبوو، ڕابرت مۆگابە تاقە بەشداری هەڵبژاردنبوو. خەڵکی گوندەکانیان بەزۆری چەک بردووتە پای سەندووقی دەنگدان. ڕابرت مۆگابەی 84ساڵە بەشێکە لەگیان سەختی بیروبۆچوونی وڵاتانی دووا کەوتوو سەبارەت بەدیموکراسی. ئەویش بەخۆشی هات بەڵام دەبێ بەشەق بڕوات هەروەک چۆن سەدام و تاڵیبان و.. بەزۆری چەک

■ مۆگابە بۆ فریودانی ڕای گشتی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات دەستیدا بەدابەشکردنی زەوی و زار، بەڵام ئەم پرۆژە تەنیا سوودی بۆ لایەنگران و ئەندامانی حیزبەکەی مۆگابە هەبوو ئەگینا بەهەرەی بۆ خەڵکی بێ زەوی و زار نەبوو

لەدەسەڵات لادران. بەشداری مۆگابەش بەقسەی خۆی دەبێ خودا لای بدات دوورنییە دەستی خودا لەقۆڵی وڵاتێکی زلهێزدەوە، بێتەدەر و سوڵتان مۆگابەش بخنکێنێ. ئاخر سەرۆک کۆماری و 27ساڵ دەسەڵات؟!

خەبات
خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵلا
سەرنووسەر
نەژاد عزیز سورمێ
Tel: 2221373
E-mail: nazhad@xebat.net
سکرتێری نووسین- (هەواڵ و ڕووداو)
کەریم قادر
Tel: 4535329
E-mail: karimqader@xebat.net
سکرتێری نووسین- (ریپۆرتاژ و سیاسەت)
دڵشاد مستەفا وەسانی
Tel: 2262671
دارێژەری هونەری
شکار نەقشبەندی
Tel: 4460980
بگۆڕ: Tel: 2262672 fax: 2224486
کارگێری و دارایی: Tel: 2230035
دەۆک : Tel: 7222053 - Tel- fax: 7221499
کەرکووک: Tel: 219612
سلێمانی: 07301124578 - 07701491055
E:mail: xebat_silemani@yahoo.com
زاخۆ: Tel- fax: 7330363
سۆران: Tel-3220986
ناونیشان : پایتەختی کوردستان
تەنیشت سەرۆکایەتی زانکۆ
چاپخانەی: